روسیا، ئەمریکاو مەترسییە ناوکییە تازەکان

مرۆڤەکان حەزیان لە پشتگوێخستنی مەترسییە مەعنەوییەکانە. ئەوان تەنها کاتێک کاردانەوەیان بۆ ئەو جۆرە مەترسیانە دەبێت کە هەموو قامکەکانیان سوتابێت. تەنانەت لەمەڕ مەترسییە ناوکییەکانیش ئێمە بە دژواری دەتوانین ڕێگری لەو ڕەفتارە منداڵانەیە بکەین.

سیستەمی کۆنی کۆکردنەوەی چەکە ناوکییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرشی گریمانەیی دوژمن کە ویلایەتە یەکگرتووەکان و ڕووسیای تاکو کۆتایی شەڕی سارد هێنا هەروەها مەترسی زۆری هەیە. هەرچەندە کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی بەرفراوان چاوی لەو واقعیەتە پۆشیوە.

بۆ دڵنیابوون، لەدەیەی ١٩٩٠، ڕووسیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان، فرۆکە بۆمباهاوێژە ناوکییەکانی خۆیان لە ٦٥هەزار کەمکردەوە بۆ ٢٦هەزار. بەڵام ئەوەندە چەکە ناوکییەش ژمارەیەکی نامۆیە و ئەمەش لەکاتێکدایە کە هەزار چەکی ناوکی تر لەژێر دەستی وڵاتە ناوکییەکانی تری جیهاندایە.

دووەمین هۆی نیگەرانی چوونی جیهانی بۆ ناو سەردەمی نوێی ناوکییە کە بە مەترسی نوآ هەرەشە لە جیهان دەکات و پێدەچێت کە لە شەڕی ساردیش خەرجی زۆرتری تێبچێت. بەتەواوی دەتوانین ئاماژە بە نیشانە نوێیەکانی سەردەمی ناوکی بکەین:

١. پەیوەندی نێوان تیرۆریزم و چەکە ناوکییەکان

٢. بەدەستهێنانی وزەی ناوکی لەلایەن کۆریای باکوور

٣ــ گریمانی دەستپێکردنی ناکۆکی چەکداربوونی ناوکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

٤. مانایەکی نوێ لە سەربەخۆیی وڵاتەکان لەژێر ناونیشانی سەربەخۆیی ناوکی کە لەنێوان وڵاتە بچووکە خاوەن چەکە ناوکییەکاندا بەخێرایی بەرەو زیادبوون دەروات.



٥. گریمانی ڕووخانی دەوڵەت پاکستانی ناوکی لەلایەن خەڵکەوە

٦ــ زیادبوونی نایاسایی تەکنەلۆجیای سەربازی ناوکی

٧. ناوکیبوونی بۆشایی ئاسمان کە دەبێتە هۆی دەستپێکردنی شەڕی چەکداربوونی ناوکی لەنێوان هێزە گەورە ناوکییەکاندا.

ڕێبەرە گرنگەکانی جیهان، بەتایبەتی ڕێبەرانی دوو زلهێزی گەورەی ناوکی جیهانی واتا ویلایەتە یەکگرتووەکان و ڕووسیا بە باشی ئاگایان لە مەترسییە مەوجود و ئەو مەترسیانە هەیە کە لە داهاتوودا ڕووبەڕووی کۆمەڵگای جیهانی دەبێتەوە. بەڵام تاکو ئێستا هیچ چالاکییەکان بۆ کۆنترۆل، نەهێشتن یان وەستاندنی مەترسییەکانی تەشەنەسەندنی چەکە ناوکییەکان لە جیهاندا ئەنجام نەداوە. لەڕاستیدا دەبآ بڵێن بارودۆخەکە ڕۆژ بەڕۆژ خراپتر دەبێت.

کۆڵەکەی سەرەکی بۆ کۆنترۆڵی زیادبوونی چەکە ناوکییەکان لە جیهاندا کە یەکێک لەوان پەیمانی دژی موشەکەکانی باڵستیک و ئەویتر پەیمانی ڕێگەگرتن لە تەشەنەسەندنی چەکە ناوکییەکانە چیتر هێز و دەسەڵاتیان نەماوە. بەڕپرسیارێتی سەرەکی ڕووداوێکی بەم شێوەیە لە ئەستۆ دەوڵەتی جۆرج بۆشە، چونکە ڕاگرتنی پەیمانی دژی موشەکەکانی باڵستیک نەک تەنیا سیستەمی کۆنترۆڵی نێودەوڵەتی چەکە ناوکییەکانی لاواز کردووە بەڵکو بووەتە هۆی لاوازبوونی پەیمانی ڕێگەگرتن لە تەشەنەسەندنی چەکە ناوکییەکان.

لەسەرەتای سەدەی بیست و یەکەم زیادبوونی تەکنەلۆجیای چەکە ناوکییەکان بووە بە سەرەکیترین هەرەشەکان لەدژی مرۆڤایەتی، بەتایبەتی کە ئەو تەکنەلۆجیایە کەوتۆتە ژێر دەستی تیرۆریستەکان. کەلک وەرگرتن لە چەکی ناوکی لەلایەن تیرۆریستەکان نە تەنیا دەبێتە هۆی کارەساتێکی مرۆڤایەتی بەڵکو جیهانیش بەرەو شەڕێکی ناوکی دەبات کە دەرئەنجامەکەی دەتوانێت مۆتەکەیەکی گەورە بێت.

یەکێک لە نیگەرانییەکان، تەشەنەسەندنی چەکە ناوکییەکانە لەو وڵاتانەدا کە بۆ سەربەخۆیی خۆیان دەیانەوێت چەکی ناوکییان هەبێت. بەم شێوە نەک تەنیا زۆربەی وڵاتە بچووکەکان دەبنە خاوەن چەکی ناوکی بەڵکو گریمانی زیادبوونی چەکە ناوکییەکان لەنێوان تیرۆریستەکانیش زیاد دەکات. پاکستان وڵاتێک نییە کە لەمە جیا بێت.

توانایی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ نوێکردنەوە و پەرەپێدانی سیستەمی کۆنترۆڵی نێودەوڵەتی کە لەلایەن دوو زلهێزی گەورەی ناوکی جیهان ڕێبەرایەتی دەکرێت دەبێت لە سەرەتای سەردەمی نوێی ناوکیدا بەخێرایی مەترسیەکانی سەرەوە لەبەرچاو بگرێت.

کەواتە ئەگەر بڕیار وایە کە سیستەمی کۆنترۆڵی تەشەنەسەندنی چەکە ناوکییەکان کاریگەر بێت، نیشانەکانی ئەو دەبآ بەزووترین کات لەلایەن ڕووسیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان بنێردرێت. لێرەدا خولیای هێزە ناوکییەکان بۆ بە ئەنجام گەیاندنی بەڵێنەکانی خۆیان بۆ داماڵینی چەک، بەهەمان شێوە کە لە ڕێککەوتنامەی ڕێگرتن لە تەشەنەسەندنی چەکە ناوکییەکاندا هاتووە، لە مەسەلە گرنگەکانە.

ڕێککەوتنامەی ڕێگرتن لە تەشەنەسەندنی چەکە ناوکییەکان کە کرۆکی ئاشتی بۆ زیاتر لە سێ دەیەیە، پشت بە ڕێککەوتنامە سیاسییەکانی نێوان وڵاتەکانی خاوەن چەکی ناوکی و وڵاتەکانی تر دەبەستێت. تێیدا گەیشتنی ئەو وڵاتانەی کە چەکی ناوکیان نییە قەدەغە دەکات لەکاتێکدا وڵاتە ناوکییەکان چەکە ناوکییەکانی خۆیان لەناو دەبەن. بەداخەوە تەنیا بەشێ یەکەمی ئەو ڕێککەوتنامە دەرک کراوە (ئەویش بە ناتەواوی) و بەشی دووەمی تاکو ئێستاش چاوەڕوانی جێبەجێ کردنە.

پەیمانی ڕێگرتن لە تەشەنەسەندنی چەکە ناوکییەکانی، پەیمانێکە کە دەربازبوون لێی نییە و پێویستە چاوی پێدا بخشێنرێتەوە. ئەو ستوونە ناوەندییەی کۆنترۆڵی تەشەنەسەندنی چەکە ناوکییە نێودەوڵەتییەکان بەرەو ڕووخان دەروات. دوایین کۆنفرانسی چاوخشاندنەوە بەو ڕێککەوتنامەیەدا کە لە مانگی ئایاری ساڵی ٢٠٠٥ لە شاری نیویۆرک ئەنجام درا بەبێ هیچ ئەنجامێکی بنەڕەتی کۆتایی پێهات.

مەسەلەیەکی مشتومڕ هەڵگری تر کە ئەو ڕۆژانە لە پەیوەندی لەگەڵ پرۆگرامی ناوکی ئێران هاتۆتە ئاراوە، گەیشتنی بەبێ جیاوازی بە تەکنەلۆجیای ناوکییە. ڕێبەرانی هەموو وڵاتەکانی جیهانی بەباشی ئاگایان لە مەترسییەکانی سەردەمی نوێی ناوکی هەیە. ئەوان تەنانەت دەزانن کە چۆن ئەو مەترسیانە کەم بکەنەوە. بەڵام ڕێژەی سیاسی پێویست بۆ ئەم چالاکییە نییە چونکە کۆمەڵگا داماڵینی چەک و کۆنترۆڵی سەربازی بە بەشیک لە باڵاڵبوونی سیاسی نازانێت.

ئەو ڕوانگەیە دەبی بگۆڕێت. داماڵینی چەکە کیمیاوییەکان و ڕێگەگرتن لە زیادبوونی ئەو کێشانە کێشەی ڕابردوو نییە. ئەگەر نامانەوێت کە ئەو مەسەلەیە بگۆڕین بۆ گەورەترین هەرەشەی داهاتوو دەبێ هەر لە ئێستاوە بەدوای ڕێگەچارەیەکدا بگەڕێین.

نووسینی: یۆشکا فیشەر؛
وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەڵمانیا

وەرگێڕانی بۆ کوردی:
ئەفشین ئیسماعیلی

سەرچاوە:
ماڵپەڕی ڕێنسانس

چەند پەیڤێک لەسەر ژینگە پارێزی

بەشی دووەم:

پیس بوونی ئاوهەوا

زانست ئەوەی سەلماندووە کە سەرجەم کارلێکە پێک هێنەرەکانی ژینگە و ئاو هەوا بەشدار دەبن لە هەر(سێ) بازنە بنچینەیەکانی ژینەگەی گۆی زەوی،وەک (بازنەی وزە،بازنەی شێ،بازنەی گشتی با و بەرگە گازیەکان).بۆیە هەر سێ بازنەکە پێکەوە کاردەکەن و دەبنە هۆی بەرزبوونەوە یان نزمبوونەوەی پلەی گەرمی گۆی زەوی ،لەگەڵ ئەوانەشدا باری جوگرافی و جیۆلۆجی و دیمۆگرافی سەر زەوی کاریگەری خۆیان هەیە لەو ڕەوشەدا کەبەسەر ئاوهەوادا دێت،چ لە وشکانیدا وەک بیابانە گەرمەکان کەبەهۆی نەبوونی بەرزی و نزمی یەوە هەوا هیچ گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نایەت و تەنانەت کەم بارانیشی کردووە،یان بەهۆی کەمی ڕووەکەوە بێت کە خاکەکەی هەمیشە خۆڵاوی و تەپ و تۆزاویە و ژیان تیایدا نیمچە مەحاڵە، یاخود بەشێکی دیکەی وشکانی وەکو چیا و دۆڵ و دارستانەکان و کێڵگە و بێستانەکان و شار و گوندەکان کە هەریەکەیان بەدەوری خۆی ڕۆڵی گرنگ دەبینن لە خۆشی و ناخۆشی ئاوهەوا و ژینگەی مرۆڤایەتی....ئەمە جگە لە ژینگەی ئاوی یە گەورەکەی گۆی زەمین کە زیاتر لە (دوو لەسەر سێ)ی ئەو گۆیە دەبێت و جیهانێکی تایبەت و فاکتەرێکی هەرە گرنگی خۆشکردنی ژینگەی گشتی یە کەیە.هۆکارە ئاوهەواییەکان بەبەردەوامی کاریگەری خۆیان دەسەپێنن بەسەر ژینگەدا،هەر لەبەرئەو هۆیەشە دەبینین ڕاهاتن لەگەڵ دەوروبەر و ژینگە کاریگەری خۆی دەبێت لەسەر پێکهاتنی لەشی مرۆڤەکان.بۆ نمونە ژیان و پێکهاتەی لەشی مرۆڤەکان لە ناوچە گەرمەکانی هێڵی یەکسانی گۆی زەویدا زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو مرۆڤانەی کەلە ناوچە ساردەکان یاخود ئەو ناوچانە دەژین کە هەر چوار وەرزەکەی ساڵی تیادا دیارە و کاریگەری خۆیان دەخەنە سەریان.لە ناوچە گەرمەکاندا بەزۆری مرۆڤەکان ڕەش پێست دەبن،کونی لوتیان گەورە و فراوان دەبێ هەتا هەوای زیاتر هەڵمژن،سی یەکانیان گەورە و باڵایان درێژ دەبن،چاویان بەهۆی گەرمی یەوە هەمیشە ڕەشە،بەڵام لە ناوچە ساردەکاندا مرۆڤ بەزۆری کونی لوتی تەسک و بچوکترە و چاو کاڵ و ڕەنگ سپین.ئەو نمونانە بۆ ئێمە دەسەلمێنن کە پلەی گەرمی و ئاوهەوا چ ڕۆڵێک دەبینن لە پێکهاتەی لەشی مرۆڤەکان،وە پێمان دەڵێت ژینگە پاک و فێنک مرۆڤی تەندروست و جوان و لەش ساغ دروست دەکا و بە پێچەوانەوەشە ژینگەی پیس و گەرم و ناخۆش مرۆڤی نادروست و ناشیرین وەبەردێنێ..ئێستا زانست سەلماندوویەتی کە بەزربوونەوەی پلەی گەرمی گۆی زەوی زۆرتر بەهۆی پیس بوونی ژینگەوەیە کە بووەتە هۆی دڕاندنی چینی (ئۆزۆن) و توانای بەرگری کردنی پێکهاتەکانی تیشکە جیاوازەکانی خۆری کەم بووەتەوە وەکو تیشکی(گاما،بێتا،سەروی وەنەوشەیی و خواری سور...هتد)کە دەبنە هۆی پەیدابوونی چەندین نەخۆشی پیس و خراپ لەلەشی مرۆڤەکاندا،ترسناکترینیان نەخۆشی شێرپەنجەیە.پیس کردنی ئاوهەوا لەلایەن خودی مرۆڤەوە دوژمنایەتی کردنە لەگەڵ خود واتە دوژمنایەتی کردن و لەناودانی سەرجەم کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی یە،ئەو پیس کردنەش بەچەندین ڕێگای نایاسایی و نازانستیانە لەلایەن مرۆڤەوە ئەنجام دەدرێت وەکو بەرپاکردنی جەنگی گەورە و بەکارهێنانی دەیان چەکی کوشندەی گەورەی وەکو چەکی ناوەکی و کیمیایی و هێشویی،یاخود بە فرێدانی ملیۆنان تەن پاشەڕۆی پیس لەسەر زەوی،یاخود خستنە دەریا و دەریاچەکانەوە،وە یان دانانی کارگەی بەرهەمە نەوتی و گازیەکان لە نزیک ژینگەی مرۆڤ،هەموو ئەوانە ژینگە پیس دەکەن و سەرئەنجام ژیانی خەڵکی لە جیاتی ئاسودەیی و بەختەوەری ،ڕەش پۆشی و دڵ تەنگی و نائارامی باڵی بەسەردا دەکێشێ..شارە گەورەکان زۆر کاریگەری خراپیان لەسەر ئاوهەوا و ژینگە هەیە و هەندێ شوێن و گەرەکی ئەو شارانە بوونەتە زیندانێکی گەورە بۆ خەڵکەکە و تیایدا بە سەغڵەتی ژیان بەسەر دەبەن.ئەو شارانە و بە تایبەتیش ئەوانەی کەوا کارگە پیشەسازییەکان تیایدا گەشەی کردووە،بەبەردەوامی تەپ و تۆز و دوکەڵ و تەم بەری ئاسمانەکەی دەگرێ و وەکو هۆڵێکی گەورەی داخراوی لێ دێت کە لە هاویناندا زۆر گەرم و بۆن ناخۆش دەبێ و لە زستانیشدا سارد.وەکو بەهۆی ئەو تەم و غومارەوە لە هەندێ شوێن تیشکی خۆر وەکو پێویست سودی لێ نابیندرێ.هەروەها دروست کردنی ئەپارتمان و پردی ئاسنینی گەورە و بەکارهێنانی ماددەی (قیر) بەرێژەیەکی زۆر لەناوشارەکان دەبێتە هۆی مژینی گەرمیەکی زۆر لە تیشکی خۆر و بەوەش گەم بوونی پلەی گەرمی شارەکە کەهەموو ئەوانە لەئەنجامدا ئاوهەوا ئالۆزدەکەن و ژینگە تێک دەدەن،.لە پێناوی چاک کردنی خۆشکردنی ژینگەی ئادەمیزادا دەیان ڕێکخراوی مەدەنی و مرۆڤ پارێز و ژینگە پارێز دروست بوون لە جیهان و دەوڵەتاندا کە پێویستە لەسەر هەموو مرۆڤێک ڕێز لەیاساکانی ژینگە پارێزی بگرێت لەپێناوی مانەوەی توخمی مرۆڤایەتی درێژەدان بەژیانی ئاسودە،هەر لەو پێناوەشدا پێویست دەکا مرۆڤەکان لایەنی کەم ڕەچاوی کۆمەڵێ خاڵی سەرەکی بکەن و تێکۆشانی لە پێناودا بکەن وەکو:

١)دروست کردنی ڕێکخراوی مەدەنی سەربەخۆ دژ بەجەنگ و بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵ کوژ وەک (ئەتۆمی و کیمیایی ،...هتد).

٢)هەر ئەو ڕێکخراوانە تێکۆشان بکەن لە پێناوی دوورخستنەوەی کارگە و ئەو دامەزراوانەی کە لە نزیک شارەکانن و دەبنە هۆی پیس بوونی ژینگە.

٣)پەرەدان بە ڕۆشنبیری ژینگە پارێزی دەست پێکردن لەتاکەوە بۆ کۆمەڵگە،واتە پاڵ ڕاگرتنی شوێنی ژیانی تایبەتی و دواتر کۆڵان و شوێنبە گشتی یەکان بەگیانی مرۆڤ دۆستانە و نیشتیمان پەروەرانەوە.

٤)هەوڵدان بۆ ناشتنی نەمام و دروستکردنی باخچە و خزمەت کردنی سەرجەم دار و درەختەکان.

٥)کەم بەکارهێنانی ئامێرە نەوتی و گازیەکان چ لە شوێنە گشتی و مانیفاکتۆرەکان بێت یاخود لە شوێنە تایبەتی و ماڵەکان بێت.

٦)گرنگی دان بەپاکژی ئاوی خواردنەوە و پاک ڕاگرتنی سەرچاوە ئاویەکان،ئەوانە کۆمەڵێ ڕێنمایی و ڕۆشنبیرین کە پێویستە هەموو تاکێکی کۆمەڵگە بیزانێت و فشار لەسەر دەسەڵاتە سیاسی یەکان دروست بکەن لە پێناو بەدی هێنانیاندا.



ئەسعەد عەلی ئەحمەد
* ئەندازیار لە فەمانگەی ئاوی پارێزگای کەرکوک

ڕۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات

ئۆفیسی سلێمانی
گەڕەکی ڕزگاری، نزیک مزگەوتی حەزرەتی ئیبراهیم،
بەرانبەر زانکۆی ئەمریکا،
ژمارەی تەلەفۆن ٠٥٣٢١٠٩٢٥٦

ئۆفیسی هەولێر
شەقامی ئاراس پشت مزگەوتی ئەوقاف ژمارەی خانوو ١٢
ژمارەی تەلەفۆن ٠٦٦٢٥٤٨٥٨٩

ئۆفیسی کەرکوک
حەسیرەکە،
بەرانبەر نەخۆشخانەی ڕزگاری،
ژمارەی تەلەفۆن ٠٧٧٠١٣٢٥٠٨٠

ئۆفیسی ڕانیە
شەقامی نالی، بەرانبەر گەڕاجی نەورۆز، کتێبخانەی ڕۆژی گەل
ژمارەی تەلەفۆن
٠٧٥٠١١٦٣٨٠٥
نیشانی ئینتەرنێتی
ماڵپەڕی ڕزگاری

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com